# دەزگاكانی راگەیاندنی ئەوروپا وە زەبرووزەنگی نامووس پەرستی لەبەرامبەر ژناندا!

ناوونیشانی قسەو باسیكە كە هلاله رافع لە پانیلیكدا لە ستوكهولم لە رۆژی 16/ 11پیشكەشی كرد.

هلاله رافع
halala_rafii@yahoo.com

ئایا نایەكسانی، چەوسانەوەو تەهدید كردنی ژنان سەرنجی دەزگاكانی راگەیاندن رادەكیشیت، یان تەنها كوشتنی ناموسیە كەدەبیتە مانشیتی ووتارەكان؟ زەبرووزەنگی ناموسی، چەوسانەوە، سنووردانان بۆ مافە سەرەتاییەكانی ئینسان وە بەشودانی زۆرەملی بوەتە ژیانی رۆژانەی سەدان كچی بیدەنگكراوی ترسینراو.!! لەم نیوەدا سیاسەتمەداران چی دەكەن؟ ئایا دەزگاكانی راگەیاندن بەئەركی خۆیان هەلدەستن؟

دامودەزگای راگەیاندن هەمیشە وەسیلەیەك بوە بەدەستی دەولەت ودەسەلاتدارانەوە.ئەمە رەنگدانەوەی سیاسەتی زالە لە كۆمەلگادا و بەشیكە لە سیستەمی حاكم. وەلەهەمان كاتدا ئەوە دەسەلاتدارانن كە لە دەزگای راگەیاندندا زیاترین جیگەیان پیدەدریت. كەواتە سیاسەتی زال یان دەسەلات و راگەیاندن دوو چەمكی پیكەوە گریدراون.

ئیمە كە لەوولاتانی رۆژهەلاتەوە هاتووین بەرەی راست و "نادیموكراتیە" لەویدا دەسەلاتە،كەواتە راگەیاندنیش زیاتر خزمەت بە بەرەی راست دەكات. گوایا رۆژئاوا " دیموكراتیە"، بەلام دەبوایە راگەیاندن بەو شیوەیەی كەهەیە لەئختیار عەكسكردنەوەی راستیەكاندابووایە بەوشیوەیەی مافەكانی ژنان دەیخوازی، نەك دەسەلات.

ئەوەی كە پەیوەندی بە مەسەلەكانی ژنانەوە هەیە، بە شیوەیەكی گشتی سیاسەتمەداران لەدەولەتدا گرنگی نادەن بە كیشە سیستماتیك و رۆژانەكانی ژنان ، وە زیاتر ئەوەی لای ئەوان گرنگە مەسەلەی ژنان و دەسەلاتە، ئەگەر بیینە سەر پەنابەر و ژنانی پەنابەر، لە هیچ شوینیكدا لە یاساكاندا نەنوسراوە كە لەدایك بوانی ئەوانەی لەدەرەوەی ئەوروپان هاوولاتی پلە دوون، بەلام لەراستیدا بەشیوەیەكی گشتی پەنابەران رۆژانە لەگەل ژیانی پلەدوویدا دەستوویەنجەنەرم دەكەن لەهەموو بوارەكانی كۆمەلایەتی، ئابووری وەسیاسیدا.
پەنابەر لەم وولاتەدا پلە دوە كەواتە ژنانی پەنابەر بە حوكمی ژن بونیان لە خوارترەن. بەم پییەش باس و خواست وكیشەكانیان نابیتە باسی گەرمی كۆبونەوەكانی سیاسەتمەداران، وە یان ناوو دەزگای راگەیاندن .!

لەوولاتانی رۆژهەلاتدا كۆمەلگا مەحكومە بە نایەكسانی وە چەوسانەوەو زۆرداری لە ژیر سایەی دەسەلات، ئایین ویاساكانیاندا، لەهەمانكاتدا كە لەو باروودۆخ و سیستەمە هەلدییت وە دییتە وولاتیكی رۆژئاواوە تەنها لەبەر ئەوەی كە لیرە لەدایك نەبووی چەندەها نەوەش دوای خۆت لە كۆت وبەندی سیستەمی وولاتی یەكەمت رزگاری نابیت. وە هەمیشە بەزۆر دەتلكیننەوە بەو فەرهەنگ و سیاسەتە دواكەوتوەی كە راتكردوە لیی وە باوەرت پیی نیە. لیرەش بەشیوەیەكی تر دەیانەویت لە ژیر چەپۆكی هەمان بارودۆخی دین وە دواكەوتوی بتهیلنەوە.

ئەگەر کەمیك سەرنج لە دەزگاکانی راگەیاندنی ئەوروپا بدەین، سەیر ئەکەی زیاتر لایەنی دواکەوتوو وە دژی مرۆڤایەتی رۆژهەلات دەبیتە مانشیتی ووتارەکان، بەدەگمەن باس لە لایەنی پیشکەوتوو ومەدەنی و ئازادیخواز دەکریت.
ئەوەندە باس لە رۆژە مەزهەبیەکان مزگەوتەکان وفەرهەنگە دواکەوتوەکان دەکریت باس لە کۆرووکۆمەلی رادیکال، مەدەنی، وە یەکسانی خوازوو هەلسورانەکانیان ناکریت وتەنانەت هەولئەدریت بخریتە پشت پەردەوە. وە ئەوەندە ئیمام و پیاوی ئایینی ولایەنی دواکەوتوو دەهیننە سەر شاشەکانی تلفزیۆنەکانیان کەسانی پیشکەوتو وبەخەمەوەبووی مەسەلەکانی ژنان پشت گوی دەخەن.

میدیاکان تەنها لەکاتی کوشتنەکانی ژناندا مانشیتی گۆڤار و رۆژنامەو تلفزیۆنەکانیان پر ئەکەنەوە. پیشتر بەرلەوەی بگاتە ئاستی کوشتن و سەبارەت بە هۆکارەکانی قسەوباسیان نیە، وە لەهەمانکاتدا سەبارەت بە چارەسەرەکانیشی باسەکان گەرم راناگرن.
 با دەزگاکانی راگەیاندن قسە لەسەر ئیزۆلە بوونی پەنابەران بکات، باس لە قوتابخانە ئیسلامیەکان بکات، باس لە بیکاری ناوو پەنابەران بکات .... کە ئەمانە بوونەتە هۆی هیشتنەوە وە دوبارە دروستکردنەوەی فەرهەنگ و ژیانی نامووس پەرستی لەناوویاندا.

بیگومان رۆژنامەنوسان بەشیکن لەکۆمەلگا و هەروەك چۆن لەکۆمەلگادا بەرەی کۆنسەرڤاتیزم و بەرەی رادیکال هەیە هەروەها لە ناوو رۆژنامەنوسانیشدا، کەواتە ناکریت هەر چاومان لەدەزگاپەیوەندیدارەکانەوە بیت، دەبیت رۆژنامەنوسانیکی رادیکال بینەمەیدان وچاونەترسانە باسی کیشە واقعیەکان بکەن هەروەك چۆن هەلسوراوانی رادیکالی مەیدانی ژنان جەریئانە قسەی خۆیان دەکەن.
چیتر ئەو بیانوە قبول ناکریت کە سیاسەتمەداران و دەزگاکانی راگەیاندن تیگەیشتن و زانیاری تەواویان نیە لەبارەی کولتور وفەرهەنگی شەرقی وە یان دەترسین ئەگەر رەخنە لە کولتوری دواکەوتوانە و دژی ژنان بگیریت بە راسیست لەقەلەم بدرین.

هەلبەتە کوشتنی ناموسی و لەدەستسەندنەوەی ژیانی مرۆڤیك لەم نیوەندی ئەوروپایەدا ناکری ئیتر پەیوەندی داربکریتەوە بە فەرهەنگ، نەبونی زانیاری ....وشتی تر، بەلکو دەبیت یاسای رەسمی بۆ دابنریت کە کوشتنی ژنان لەژیر هەر بیانویەکدا قەدەغەبیت. لەبەرئەوەی تائەوکاتەی کە دیاردەیەکی بەو شیوەیە نامرۆڤانە هەبیت دەبیت یاسا بۆ بنەبرکردنی دانریت. هەروەك چۆن لەبەرامبەر لیدانی منالاندا یاسای قەدەغەکردنی لیدانی مندال هەیە. وە لەپال ئەم یاسایەشدا چاکسازی لەبارودۆخی ژیانی پەنابەراندا بکریت تا ئاستی هاوولاتیەکی پلە یەك.

 لەم پانیلەدا کە ریکخراوی ئازادی ژن سازی دابوو، کە تییدا رۆژنامەنوسانیك لەرۆژنامەکانی (داگس نیهیتر، ئولریکا بی)، ( سڤینسکا داگبلادت، ئەننا لارشون)، وەلەلایەن (سۆسیال دیموکرات ،مارگاریتا پاولو)، (حیزبی چەپ، ئینگر ستارك)، (ریکخراوی ئازادی ژن، مریەم ئەفراسیاپور).... وە چەند کەسیکی تر بەشداریان کردبوو.